# فلیمی ( نامۆیی) لە نوسین و دەرهێنانی هونەرمەند شۆڕش قادر لە کۆتایی وێنە گرتندایە

کوردستان نێت

فلیمی ( نامۆیی) لە نوسین و دەرهێنانی هونەرمەند شۆڕش قادر لە کۆتایی وێنە گرتندایە لە هۆڵەندا.

بە بەشداری چەند هونەرمەندێکی گەورەی گەلەکەمان بەڕێزان شەماڵی عەبە ڕەش و شادان فوئاد و سەلاح مەجید.

وە هەروەها کیژۆڵە جوانی کورد نسلر کاوان فواد و خانمێکی هۆڵەندی مێری هینکین کیمپیر و کاوە حەمە ساڵح و ڤیان ئەبدولڕەحمان و بەرهەم نوری و کامەران ئەحمەد و بەناز ئەحمەدو دەیان ئەکتەری تر.

ئەم فلیمە باس لە ژیان و گوزەرانی کورد ئەکات لە هۆڵەندا و هەندەران، وە زۆر لەو کوردانەی کە لە هەندەرانن ئاونتە خوازن کوردستان بە تەواوەتی چاك بێت و بگەڕێنەوە ناو کەس و کاری خۆیان وە هەروەها مناڵەکانیشیان بە کەلتوری خۆیان گۆش بکەن، بەلأم هەندەران کارێکی زۆری کردوەتە سەر زۆر خێزان و تووشی چەندان گیرو گرفت بوون و خۆشیان و مناڵەکانیشیان سەرگەردان بوون ئەوەش بە هۆی نەگونجاندنیان لە گەڵ کەلتوری ئەو وولأتەی کە ئێستا تیای ئەژین. وە لە سەر زمانی زۆر لە کارەکتەرەکان هاتووە کە تا ئێستا هیچ کەسێکیان خەوێکیان نەبینیوە بە هەندەرانەوە ئەوەش ئەو ڕاستی یە ئەسەلمێنێت کە بە جەستە لێرەنو بە دڵ و ڕۆح لە کوردستانن، هەر ئەوەش وای لێکردوین کە دایمە هەست بە نامۆیی بکەین، وە چەندان گیروگرفتی تریش وەك نەبونی پەنابەرێتی و گیرو گرفتەکانی مناڵ و نەزانینی زمان. هیوادارین ئەم فلیمە لە ماوەیەکی کوردا تەواوی بکەین و لە کەناڵە جیهانی و کوردی یەکانەوە پەخش بکەین.






DVCPRO



